# ڕاگەیاندنی ئەنجامە سەرەکییەکانی ڕووپێوی هەرزەکاران و لاوان لە هەرێمی کوردستان 2019

لاوان بناغەی کۆمەلگان. بۆیە بایەخ دان و پەرەپێدان و بەرزکردنەوەی ئاستی توانستیان و سوود وەرگرتن لە تواناکانیان ئامانجی حکومەتی هەرێمی کوردستانن. بەپێی دوا خەملاندنی دانیشتوان لە دەستەی ئامار بۆ سالی 2018 هەرزەکاران و لاوان لە تەمەنی (30-10) 39.5 % کۆمەلگا پێکدەهێنن لەسەرئاستی هەرێمی کوردستان . دوابەدوای ئەنجامدانی رووپێوی هەرزەکاران و لاوانی تەمەن (30-10) سالی بۆ یەکەم جار لە سالی 2009 ئەنجامدرا، بە پێویست زانرا دوای ئەو گۆرانکاریانەی کە بەسەر وولات هاتووە و گۆرانکاری دیمۆگرافی لە ناوچەکە دوای سالی 2014 روویانداوە بەهۆی رووداوی نەخوازراو کە رووبەرررووی وولات بۆتەوە وەك هێرشی رێکخراوی تیرۆریستی (داعش) و تیکچوونی بەشێك لە شار و شارۆچکەکان لە عیراق بە گشتی، هاتنی بەشێکی زۆری ئاوارەکانی پارێزگاکانی تری عیراق بۆ هەرێمی کوردستان، لە سالی 2018 دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و دەزگای ناوەندی ئاماری عیراق بە هاوبەشی لەگەل وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی وەرزش و لاوانی عیراق و بە هەماهەنگی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان UNFPA ئامادەکاریيان دەست پێکرد بۆ ئەنجامدانی ئەم رووپێوە و دوای تەواو بوونی هەموو ئامادەکارییەکان لە سەرەتای مانگی ئاداری 2019 کاری مەیدانی دەستپێکرد کە ماوەی 25 رۆژی خایاند.

جێگای ئاماژە پێکردنە نمونەی رووپیوەکە بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان (هەولێر ، سلێمانی، دهۆك) دابەش کرابوو بۆ هەرپارێزگایەك 125 بوار بۆ هەر بوارێك 5 خێزان واتە کۆی گشتی بۆ هەرپارێزگایەك 625 خێزان و بەلەبەر چاوگرتنی هەردوو ژینگەی شارنشین و گوند نشین بۆ ئەوەی ئەنجامەکانی رەنگدانەوەیەکی تەواوی هەرزەکاران و لاوان بن لە سەر ئاستی کۆمەلگا.

لە هەرێمی کوردستان 375 بوار هەلبژێردرابوو بۆ چاوپێکەوتن بۆ هەربوارێك 5 خێزان واتە 1875 خێزان کە پێکهاتبوو لە 4811 کەس لە تەمەن (30-10) سالی، ژمارەی ئەو خێزانانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەل ئەنجامدراوە 1864 خێزان بوو کە پێکهاتبوو لە 4392 کەس لە هەمان گروپی تەمەن.

بۆ بەدەستهێنانی نیشاندەرە سەرەکییەکانی ئەم رووپێوە سەردانی ئەم لینگەی خوارەوە بکە:

http://krso.gov.krd/files/articles/230820073647.pdf

Website: www.krso.gov.krd

Facebook: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان